أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ وَعِمَارَةَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ كَمَنْ آمَنَ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَجٰهَدَ فِي سَبِيلِ ﷲِ لَا يَسْتَوُۥنَ عِندَ ﷲِ وَﷲُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّٰلِمِينَ} [التوبة: 19] واته: {ئایا ئێوه ئاودانی حاجیان و ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتی حەرام دەکەنە هاوتای (کردەوەی) ئەوانەی باوەڕیان بە خودا و ڕۆژی دوایی هێناوە و لە پێناوی خوادا جیهاد دەکەن، ئەوانە لە لای {خودا یەکسان نین. و خودا ڕێنمونێنی گەلی ستەمکار ناکات

له نوعمانی کوڕی بەشیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: کاتێک لە نزیک مینبەرەکەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دانیشتبووم، پیاوێک ووتی: گرنگ نییە بەلامەوە ئەگەر لە دوای موسڵمان بوونم هیچ کردەوەیەکی چاکە نەکەم جگە لە دابەشکردنی ئاو بەسەر حاجیاندا، یەکێکی تر ووتی: گرنگ نییە بەلامەوە ئەگەر دوای موسڵمان بوونم هیچ کردەوەیەکی چاکە نەکەم جگە لە خزمەت کردن و ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتی حەرام، یەکێکی تر ووتی: جیهادکردن لە پێناوی خوادا باشترە لەوەی ئێوە ووتتان، عومەر سەرزەنشتی کردن، ووتی: دەنگتان بەرز مەکەنەوە لە نزیک مینبەرەکەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە ڕۆژی هەینیدا، کاتێک نوێژەکە تەواو بوو، چوومە ژوورەوە (بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) و پرسیارم لێکرد دەربارەی ئەو بابەتەی کە تێیدا جیاواز بوون. (لەسەر ئەم باسە بوو کە) خوای گەورە و شکۆمەند ئەم ئایەتەی دابەزاند: {أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ وَعِمَارَةَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ كَمَنْ آمَنَ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَجٰهَدَ فِي سَبِيلِ ﷲِ لَا يَسْتَوُۥنَ عِندَ ﷲِ وَﷲُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّٰلِمِينَ} [التوبة: 19] واته: {ئایا ئێوه ئاودانی حاجیان و ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتی حەرام دەکەنە هاوتای (کردەوەی) ئەوانەی باوەڕیان بە خودا و ڕۆژی دوایی هێناوە و لە پێناوی خوادا جیهاد دەکەن، ئەوانە لە لای خودا یەکسان نین. و خودا ڕێنمونێنی گەلی ستەمکار ناکات}.

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

نوعمانی کوڕی بەشیر -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەو لەلای مینبەری پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دانیشتبوو، گوێی لە پیاوێک بوو کە دەیووت: گرنگ نییە بە لامەوە کە هیچ کارێکی تر نەکەم؛ لە دوای ئەوەی کە موسڵمان بووم، تەنها ئەوە نەبێت کە ئاو ببەخشم بە حاجیەکان. یەکێکی تر ووتی: گرنگ نییە بە لامەوە هیچ کارێکی تر نەکەم؛ لە دوای ئەوەی کە موسڵمان بووم، تەنها ئەوە نەبێت کە خزمەتی مزگەوتی حەرام بکەم، یەکێکی تر ووتی: جیهاد لە پێناوی خودا باشترە لەوەی ئێوە ووتتان. عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- سەرزەنشتی کردن بەهۆی دەنگ بەرزکردنەوەیان لەلای مینبەری پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، و ئەم باسە لە بەیانی ڕۆژی هەینیدا بوو، بەڵام کاتێک نوێژی هەینی تەواو بوو، چوومە ژوورەوە و داوای فەتوام لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد؛ دەربارەی ئەو شتەی کە تێیدا ناکۆک بوون، بۆیە خوای گەورە -عز وجل- ئەم ئایەتەی دابەزاند: {أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ وَعِمَارَةَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ كَمَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَجَاهَدَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ لَا يَسْتَوُونَ عِنْدَ اللَّهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ} واته: {(ئەی بێباوەڕان) ئایا پێتان وایە ئاودان بە حاجییان و (سەرپەرشتی) و ئاوەدان کردنەوەی مزگەوتی حەرام وەکو کەسێکە کە باوەڕی هێنا بێت بە خودا و بە ڕۆژی دوایی و تێکۆشا بێت لە ڕێگای خوادا؟ چوون یەک نین بەلای خوداوە و (یەکسان نین) وە خوا ڕێنمونی کۆمەڵی ستەمکاران ناکات}. [التوبة: 19].